Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# نەفەری کامپی پەنابەران: زانیاری سەبارەت بەسەربردنی مانگی ڕەمەزان لەکاتی بارودۆخی کۆرۆنادا

لەم کاتەدا لە فینلەندا خۆ ئامادە دەکرێت بۆ پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بەشێوەیەکی فراوانتر. پێویستە لەسەرت لەم ساڵەدا لە مانگی ڕەمەزانیشدا بارودۆخی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەبەر چاو بگریت.

ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ڕێگای دەست لێکەوتن و کۆخین و پژمینەوە تووش دەبێت. کەمکردنەوەی کۆنتاکتە کۆمەڵایەتیەکان لەم کاتەدا شتێکی گرینگە تەنانەت ئەگەر پێویستیش بێت. بەو شێوەیە دەتوانین پێکەوە بڵاوبوونەوەی پەتاکە لە فینلەندا و لە کامپی پەنابەراندا هێواش بکەینەوە.

هەمووکەسێك دەتوانێت ئەو شتانە بکات کە دەبنە مایەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

## لە مانگی ڕەمەزانیشدا لەگەڵ خەڵکانی تر دووری ڕابگرە

- خۆت بەدوور بگرە لە شوێنە گشتیەکان و جەماعەتەکان و کۆبوونەوەکان (بۆ نموونە؛ نوێژی جەماعەت، ئاهەنگ، دیداری برادەران، هاتوچۆ گشتیەکان).
- سەردانی ماڵی کەسانی تر مەکە. بەتایبەتیش خۆت لە میوانیکردنی کەسە بەتەمەنەکان و ئەوانەی کە نەخۆشی سەرەکییان هەیە بەدوور بگرە.
- ئەگەر لە دەرەوەی کامپی پەنابەراندا دەژیت، بانگی کەس مەکە بێت بۆ ماڵت.
- لە هیچ حاڵەتێکدا میوانداریی کەسی تر مەکە ئەگەر تەنانەت بەشێوەیەکی سووکیش نیشانەی هەوکردنی ڕێگاکانی هەناسەدانت هەبوو. نیشانەکانی هەوکردنی ڕێگاکانی هەناسەدان بۆ نموونە بریتین لە تا، قورگ ئێشە، کۆخین، تەنگەنەفەسی و ئازاری ماسولکەکان. لەوکاتەدا خۆت لە هەموو جۆرە کۆنتاکتێکی نزیك لەگەڵ کەسانی تر بەدوور بگرە. ئەگەر نیشانەی نەخۆشیت هەبوو، یەکسەر کارمەندانی کامپی پەنابەران ئاگادار بکەرەوە. ئەگەر لە دەرەوەی کامپەکەدا دەژیت بە تەلەفۆن ئاگاداریەکە بدە.
- تەوقە مەکە و باوەش بەکەسدا مەکە. بۆ سڵاوکردن ڕێگای تر بدۆزەوە.
- لە کامپی پەنابەران و لە دەرەوەی کامپەکەشدا لانی لە دووری کەم یەك مەتر لە کەسانی ترەوە بوەستە. لەوکەسە دووربکەوە کە دەکۆخێت یان دەپژمێت.
- تا دەکرێت شوێنە گشتیەکانی کامپەکە کەمتر بەکاربهێنە، ئەگەر لە کامپەکەدا دەژیت.

## پاکوخاوێنی تەندروستیانە باشترین ڕێگایە بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڤایرۆسەکانی تر لە مانگی ڕەمەزانیشدا

- زوو زوو دەستت بە ورياييەوە بشۆ بە ئاو و سابوون. دەستەکانت لانی کەم بۆ ماوەی ٢٠ چرکە بشۆ. دەستەکانت بەباشی وشك بکەرەوە.
- ئەگەر ناتوانیت دەستەکانت بشۆیت، شلەی خاوێنکەرەوەی دەست بەکاربهێنە.
- کاتێك کە دەکۆخیت یان دەپژمیت دەمت داپۆشە. بۆ نموونە دەسسڕ بەکاربهێنە یانیش قۆڵی جلەکەی بەرت بخەرە بەر دەمت. کۆخین و پژمین بە ڕووی ناو لەپت مەکە. هەمیشە دەسسڕەکە فڕێدە زبڵەوە.
- دەست لە چاوەکانت و لووت یان دەمت مەدە ئەگەر تازە دەستەکانت نەشۆرییێت.
- لە کاتی دروستکردنی خواردەمەنی و نان خواردندا بایەخ بدە بە پاوکوخوێنیی تەندروستیانەی باش.
- ئەگەر لە کامپی پەنابەراندا دەژیت، ژوورەکەی خۆت و شوێنە گشتیەکانی کامپەکە لە لایەن خۆتەوە بە پاکی ڕابگرە.
- ئەگەر لە دەرەوەی کامپی پەنابەراندا دەژیت، ماڵەکەت بە پاکی ڕابگرە.

## کاریگەرییەکانی بارودۆخی کۆڕۆنا بۆ سەر کارەکانی کامپی پەنابەران

- سەردانیکردنی خەڵکانی دەرەکی هاتاکو کاتێکی دیاری نەکراو قەدەغەیە.
- لە شوێنەکانی کامپی پەنابەراندا گردبوونەوەی گشتی ڕێك ناخرێت.

## تکای چیت لێ دەکەین

- لە هەموو نەفەرەکانی کامپی پەنابەران تکای هاوکاریەکی باش و دان بەخۆدا گرتن و ئارامی دەکەین. تکا دەکەین پابەند بن بەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن کارمەندانی کامپەکە و دوکتۆرەوە دەدرێن لە پێناو سەلامەتی خۆتان و کەسانی تر.

## زانیاری زیاترت لە کوێ دەست دەکەوێت

- فەرمانگەی کۆچ سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا بڵاوکراوەیەکی دارشتووە بۆ نەفەرەکانی کامپی پەنابەران بەناوی: "زانیاری سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا بۆ نەفەرەکانی کامپی پەنابەران". بڵاوکراوەکە بە چەندین زمانی جیاجیا دەست دەکەوێت. دەتوانیت بڵاوکراوەکە لە کامپەکەتدا وەربگریت.
- لە کاتی پێویستدا دەتوانیت زانیاریی زیاتر لە کارمەندانی کامپەکە وەربگریت.
- Yle.fi بەچەندین زمانی جیاجیا سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا هەواڵ بڵاودەکاتەوە.
- THL.fi باس لە بارودۆخی فینلەندا دەکات. لە ماڵپەڕەکەدا بە زمانی جیاجیا ڕێنمایی هەیە بۆ نموونە سەبارەت بە کۆخین و دەستشۆرین.
- دەتوانیت ڕێنمایی بەسەربردنی مانگی ڕەمەزان بۆ نموونە لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی ڕابیتەی ئیسلامی فینلەندا وەربگریت: rabita.fi